**سـەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ٤٥٣١ لە ٢٠١٦/١٠/٢٧**

## بـڕیاری
## ژمارە ( ٩١ )ی ساڵی ٢٠١٦

**پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو ،و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(١٥) لەبەرواری ٢٠١٦/٩/٢٩ ، و دوابەدوای بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٣) لە ٢٠١٦/٢/٣ ، و ئاماژە بەهەردوو بڕیاری ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز ژمارە(٤٣٩) لە ٢٠١٦/٥/٥ و (٥٧٩) لە ٢٠١٦/٦/٢٣ ، بڕیاردرابە :**

**١- پەسەندکردنی جێبەجێکردنی پرۆژەی وردبینی نێودەوڵەتی سەربەخۆ بۆ داهات و خەرجییەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆمپانیای نێودەوڵەتی (Deloitte) کە لەدوای تەندەرکردن و شیکردنەوە و ئیحالەکردن لەبەر ڕۆشنایی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ٢٠١٦ لەگەڵ کۆمپانیای (Ernest&young) جێبەجێکردنی پرۆژەکەیان پێ سپێردرا، و پەسەندکردنی ڕەشنووسی ئەو گرێبەستەی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥) لە ٢٠١٦/٩/٢٩ بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە خرایەڕوو ، و ڕاسپاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز بۆ ئیمزاکردنی گرێبەستەکە .**

**٢- ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی وئابووری بۆ تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە لەبەر ڕۆشنایی بڕگەکانی گرێبەست ، و بەڕەچاوکردنی پێوەری کارپێکراو لەم بوارە بەهەماهەنگی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز بەڕەچاوکردنی گرنگی و تایبەتمەندی پرۆژەکە**

**٣- ڕاسپاردنی (ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت وگاز) وەك لایەنی پەیوەندیدار بۆ جێبەجێکردنی تەواوی پرۆژەکە و پێدانی دەسەڵات بۆ داڕشتنی پلان ومیکانیزمی پێویست بۆ جێبەجێکردنی گرێبەستی پرۆژەکە و پێکهێنانی یەکە و لیژنەی پێویست و گشت بڕیارو پێویستیەکانی تری پرۆژەکە لە چوارچێوەی ئامانجەکانی پرۆژەکە .**

**٤- پێویستە لەسەرگشت دامەزراوە و وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان ، لە ژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز ، پابەند بن بە هەماهەنگی و هاوکاری تەواو و پێشکەشکردنی زانیاری و داتا و دۆکیومێنتی پێویست بۆ (لیژنەی تایبەت بە بەڕێوەبردنی پرۆژەی وردبینی سەربەخۆی داهات و خەرجییەکانی نەوت وگاز لە هەرێمی کوردستان) و بەدیهێنانی ئامانجەکانی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٣) لە ٢٠١٦/٢/٣ تایبەت بە پرۆژەکە .**

٥- پێویستە لەسەر ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت وگاز بە ڕاپۆرتی دەوری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئاگاداربکاتەوە لەبەرەو پێش چوون و بەربەستەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پـڕۆژەکـە و خستنەڕووی کێشەوگـرفتەکـان لەگـەڵ خستنەڕووی پێشـنیارەکانیان بـۆ کـارئاسـانی ولابردنی بەربەستەکان .

٦- پێویستە لەسەر ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت وگاز میکانیزمی گونجاو دەستنیشان بکات بۆ چۆنیەتی خستنەڕووی پڕۆژەی ئاماژە پێدراو بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتیش لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی تری هەرێم ، وکونسڵخانە و نوێنەرایەتی وولآتانی جیهان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان ، لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاکاران و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە مەبەستی خستنەڕووی گرنگیی و ناوەڕۆکی پڕۆژەکە و میکانیزمی جێبەجێکردنی تاوەکو هەموو لایەك ئاگاداری پرۆسەکە و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە بن.

٧- گشت وەزارەت ولایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**نێـچیرڤـان بـارزانـی**
**سـەرۆکی ئە نجومەنی وەزیران**